کاتز: متمانەم بە جولانی نییە کە پشت بە گروپە جیهادیەکان دەبەستێت

یسرائیل کاتز وەزیری بەرگری ئیسرائیل ڕایگەیاند، وەك چۆن متمانەی بە بەشار ئەسەد و باوکیشی نەبو کە سەرکی پێشوی سوریا بون، بەهەمانشێوە متمانەی بە "سەرکردەیەکی وەك جۆلانی" نییە.

یسرائیل کاتز لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند، "متمانەم بە جولانی نییە کە پشت بە گروپە جیهادیەکان دەبەستێت و دژی کەمینەکان لە سوریا بەکاریان دەهێنێت".
ئاماژەی بەوەشکرد، "لەنگەی سبەی ئەحمەد شەرع (جۆلانی) گروپە جیهادیەکان لە دژی نیشتەجێبونی ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جۆلان بەکاربهێنێت".

وتیشی، "بونی هێزی ئاسمانی نێودەوڵەتی لەسەر چیای هرمون و لە ناوچەی ئەمنی گەرەنتی ئاسایشی ئێمەیە".
پێشتریش وەزیری بەرگری ئیسرائیل ڕایگەیاندبو، "ئاماژەکان لە دیمەشق کێتاییان هاتوە و ئێستا لێدانە ئازاربەخشەکان دەستپێدەکەن".

یسرائیل کاتز ئاماژەی بەوەشکرد، سوپای ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لە ئێپەراسیۆنەکانی لە سوەیدا بۆ لەناوبردنی ئەو هێزانەی هێرشیانکردە سەر دروزەکان تا ئەو کاتەی بە تەواوی دەکشێنەوە.